# خەباتی ژنان لە بەریتانیا لە پێناو بەدستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ماوەی نێوان ١٨٩٧-١٩١٨

**د. عدنان امين محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە
adnan.mohammed@uoh.edu.iq
**د. کاروان فتاح عبدالرحمن**
بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە
karwan.abdulrahman@uoh.edu.iq

**پوختەی توێژینەوەکە:**
ژنان لە بەریتانیا خەباتێکی دوورودرێژیان ئەنجامداوە بۆ مسۆگەرکردنی مافە مەدەنییەکانیان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم. یەک لەو بوارانەی کە ژنان هەوڵی زۆر و بەردەوامیان لە پێناویدا بەخەرجدا مەسەلەی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا کە ئافرەتانی لێ بێبەشکرا بوو. خەباتی ژنان لە بەریتانیا بۆ مسۆگەرکردنی مافی دەنگدان، کە بەشێکە لە مێژووی بزوتنەوەی فیمینیزم، لە ساڵی ١٨٩٧ پێ دەنێتە قۆناغی بەهێزبوون بەدوور نەبووە لە گرفت و ئاڵەنگارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ڕووبەڕووبوونەوەی بنەما دەستورییەکان کە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا تەنها بە پیاوان دابوو. توێژینەوەکە هەوڵدانێکە بۆ تێگەشتن لە ناوەڕۆکی کۆشش و ئایدیای ژنانی پێشەنگی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان، ئەویش لە ڕوانگەی خستنەڕووی هەنگاو و هەوڵ و کۆششەکانی ژنان و شێوازەکانی خەباتکردنیان، کە ڕۆژنامەکان و ڕێکخراوەکان لە گرنگترین ئامرازەکان بوون بۆ گەیاندنی دەنگ و داواکارییەکانیان بە دەسەڵاتداران و خەڵکی وڵات. توێژینەوەکە دەریدەخات کە ژنان لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای بەریتانی: ژنانی خانەدان (ئەرستۆکرات)، چینی ناوەند (بۆرجوازی)، چینی کارگەر working class، پێکەوە بەشداربوون بۆ مسۆگەرکردنی مافی دەنگدانی ئافرەتان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. کە لەو پێناوەدا توشی زیندانیکردن و مانگرتن لە خواردن و تەنانەت قوربانیدان بە ژیانیشیان بووبوونەوە، تا توانیان لە ساڵی ١٩١٨ مافەکەیان لە چوارچێوەی دەستوردا بەدەستبهێنن. تێگەشتن لە ڕەوتی خەباتی ژنان لە بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان کە بابەتێکی کاریگەر بوو لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی لە وڵاتەکدا، دەکرێت وەک ئەزمونێکی گرنگ تەماشا بکرێت لەپێناو بەرەوپێشبردنی کاری مەدەنی و ڕێکخراوەیی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا و شوێنەکانی دیکەش.
**وشە کلیلییەکان:** ژنان، مافی دەنگدان، خەبات، بەریتانیا، کۆمەڵگا.

**الملخص:**
خاضت النساء في بريطانيا نضالا طويلا من أجل حقوقهن المدنية يعود تاريخه إلى أواخر القرن الثامن عشر. ومن المجالات التي بذلت فيها المرأة الكثير من الجهد كانت مسألة الحصول على حق التصويت في الانتخابات العامة، وهو ما حرمت منه المرأة. بدأ نضال المرأة من أجل حق التصويت في بريطانيا، والذي يعد جزءا من تاريخ الحركة النسوية، في عام 1897 بالنمو والتقدم ولم يكن بعيدا عن تحديات سياسية واقتصادية واجتماعية، خاصة المواجهة مع المبادئ الدستورية التي نصت و منذ ثلاثينيات القرن التاسع عشر على أن حق التصويت في الانتخابات العامة هو فقط للرجال دون النساء. تعد الدراسة محاولة لفهم محتوى جهود وأفكار النساء القياديات في حركة حق المرأة في التصويت، من خلال عرض خطوات وجهود وأساليب نضال المرأة. وتظهر الدراسة أن النساء من مختلف طبقات المجتمع البريطاني؛ الطبقة الأرستقراطية والبرجوازية والطبقة العاملة عملن معًا لضمان حق المرأة في التصويت في الانتخابات العامة. لقد عان النساء السجن والإضراب عن الطعام، بل وضحوا أعداد منهن بحياتهم من أجل تلك الهدف، حتى تمكنوا في عام 1918 من الحصول على حقوقهم في إطار الدستور. إن فهم عملية نضال المرأة من أجل حق التصويت في المملكة المتحدة، والذي كان عاملاً مؤثراً في ترسيخ مبادئ الديمقراطية في البلاد، يمكن اعتباره تجربة مهمة لتعزيز العمل المدني والتنظيمي للمرأة في إقليم كوردستان وأماكن أخرى.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

الكلمات الرئيسية: المرأة، حق الاقتراع، النضال، المملكة المتحدة، المجتمع

**Abstract:**

Women in Britain had a long struggle for their civil rights dating back to the late 18th century. One of the areas in which women made a lot of effort was the issue of obtaining the right to vote in general elections, which women were denied. Women's struggle for the right to vote in Britain, which is part of the history of the feminist movement, began in 1897 to grow and progress and was not far from political, economic and social challenges, especially the confrontation with the constitutional principles that had stipulated, in the 1830s, that the right to vote in general elections was only for men, not women. This study is an attempt to understand the content of the efforts and ideas of women leaders in the women's suffrage movement, by presenting the steps, efforts and methods of women's struggle. The study shows that women from different classes of British society; the aristocracy, Middle class (bourgeoisie), and working class worked together to secure women's right to vote in general elections. Women suffered imprisonment and hunger strikes, and a number of them even sacrificed their lives for that goal, until in 1918 they were able to obtain their rights within the framework of the constitution. Understanding the process of women's struggle for the right to vote in the United Kingdom, which was an influential factor in consolidating the principles of democracy in the country, can be considered an important experience for strengthening women's civic and organizational work in the Kurdistan Region and elsewhere.

Keywords: women, suffrage, struggle, United Kingdom, society

**پێشەکی:**

**چوارچێوە و ماوەی توێژینەوەکە:**

وەک لە ناونیشانەکەوە دیارە، توێژینەوەکەوە بابەتی خەباتی ژنان لە بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا دەخاتەڕوو لە ماوەی نێوان ١٨٩٧ بۆ ١٩١٨ کە گرنگترین قۆناغەکانی ئەو خەباتەیە. هۆکاری دیاریکردنی ئەو دوو مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو دوو ساڵە لە خەباتی بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە وڵاتەکەدا کە بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێن، بەجۆرێک ١٨٩٧ ساڵی بەهێزبوون و فراوانبوونی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان بوو کە لەو ساڵەدا یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان (NUWSS) پێکهات کە لە یەکگرتنی ١٧ ڕێکخراو دروست بوو، و ١٩١٨ش کە لەو ساڵەدا ژنان توانیان مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا مسۆگەربکەن لە چوارچێوەی دەستوردا.

چوارچێوەی توێژینەوەکەش لەڕووی شوێنەوە، بەریتانیایە کە پێشیوتراوە بەریتانیای مەزن Great Britain کە لەماوەی توێژینەوەکەدا و بە ئێستاشەوە لە ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێلز پێکهاتووە، و بەشێکە لە شانشینی یەکگرتوو ( The United Kingdom) کە هەموو بەریتانیا و ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە ئێستا پێی دەوترێت ئێرلەندای باکور. لەڕووی دابەشبوونی جوگرافی خەباتەکەش لەسەر ئاستی وڵاتەکەدا، ئەوا مەکۆی خەباتەکە بەدیاریکراوی لە لەندەن و لەشارە گرنگەکانی وەک مانچێستەر و لیڤەرپوڵ بوو کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەپاش لەندەن چەقی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە سیاسی و ئابوری و کەلتوری و کۆمەڵایەتییە مەزنەکان بوون، واتە خەباتەکە زیاتر مۆرکێکی شارنشینی هەبوو. ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا بەکورتی ئاماژەی پێبکەین سەبارەت بە هەڵبژاردنە گشتییەکانە لە بەریتانیا کە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی The House of Commons ئەنجامدەدرێت کە بە ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت و لەگەڵ ئەنجومەنی لۆردەکان The House of Lords کە بەدیاریکردن- نەک هەڵبژاردن- ئەندامەکانی دەستنیشان دەکرێن پەرلەمانی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ئێرلەندای باکور پێکدەهێنن، و هەردوو ئەنجومەنەکەش لە کۆشکی ویستمینستەر لە لەندەن کۆدەبنەوە. لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا ژنان نە بۆیان هەبوو بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و نە بۆیان هەبوو ببنە ئەندامی هیچ یەک لە دوو ئەنجومەنەکەی پەرلەمان. خەباتی ژنانیش بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لەو هەڵبژاردنانەدا و بەشداری کردنی زیاتری ژیانی سیاسی لە بەریتانیا لەماوەی نێوان ١٨٩٧ بۆ ١٩١٨ کرۆکی ئەم توێژینەوەیە.

**پرسیار و گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە دەخوازێت وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە بابەتەکە بداتەوە، بەتایبەتی:
- ئایا پێگە و مافی ژنان لە بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە چ ئاستێکدا بوو؟ هەروەها ئەو کۆسپ و بەربەستە سەرەکییانە چی بوون کە وایانکرد ژنان درەنگ بتوانن مافەکانیان لە دەنگدان لە هەڵبژارنە گشتییەکاندا بەدەستبهێنن کە ئەویش لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم بوو، لە کاتێکدا بەریتانیا لە پێشەنگی وڵاتانی ڕۆژئاواوە بوو لە ڕووی ژیانی دیموکراسی و خەباتی مەدەنیدا؟
- گرنگترین ئەو هەنگاو و بەرەپێش چوونە گرنگانە چی بوون کە خەباتی ژنان بۆ مسۆگەرکردنی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا بەخۆیەوە دیوە کە لە کۆتاییدا ئەو مافەی بەدەستهێنا؟
- ئەو تایبەتمەندییانە چین کە خەباتی ژنان لە بەریتانیا لە پێناو بەدستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پێدەناسرێتەوە؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگییەکی هەیە لەوانە:
- توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو چۆن ژنانی بەریتانیا توانیان لە خەباتە دووروودرێژەکەیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان سەرکەوتوو بن و گرنگترین ئەو هۆکار و ڕێگایانە چی بوون دەیانگرتەبەر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.
- توێژەر بەکورتی -لە دەرئەنجامدا- ئەو ئەزموونانە ئاماژە پێدەدات کە دەکرێت لە خەباتی ژنان لە بەریتانیادا بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان فێریببین. ئەو خەباتەش هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەگشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی دەکرێت سوود و ئەزموونی لێوەربگرێت.

**هۆکاری نوسینی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەکە:**

هۆکار و ئامانجی سەرەکی لە نوسینی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە بابەتی هەڵبژاردن و بەشداری کردن تێیدا و ڕۆڵی ژنان لە کایەی سیاسیدا، هەروەها دەستڕاگەیشتن بە دەنگدەران و بوونی سیستەمێکی هەڵبژاردنی دادپەروەرتر لە ئێستادا پرسێکی گرنگە. لەم سۆنگەوە خەباتی ژنان لە بەریتانیا بۆ مسۆگەرکردنی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت ببێتە نمونە و ئەزموونێکی گرنگ لە بواری سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی بەگشتی و خەباتی ژنان بەتایبەتی، بەتایبەت کە بەریتانیا لە کاری سیاسی و پەرلەمانیدا پێشەنگی وڵاتانی جیهانە و خاوەنی کۆنترین و بەئەزموونترین ژیانی پەرلەمانییە لە مێژووی نوێدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە. لە هەندێ جێگەشدا بەبیرێکی ڕەخنەگرانە لە ڕووداوەکانمان کۆڵیوەتەوە و بەکورتی ئاماژەمان بە باکگراوندی ڕووداوەکان کردووە بەتایبەت لە بابەتی پێگەی ژنان و مافەکانیان لە بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا. بابەتی خەباتی ژنان لە بەریتانیا و تایبەتمەندی و شێوازەکانی ئەو خەباتە بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ماوەی نێوان ١٨٩٧-١٩١٨ لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان، خراوەتەڕوو و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.

**چاوپێداخشانێک بە سەرچاوەکان:**

سەچاوەکانی توێژینەوەکە هەمە جۆرن کە دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ: سەرچاوە بنەڕەتییەکان کە ئەوانیش خۆیان لە دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانی دەوڵەتدا دەبیننێتەوە بەکارهێنراون. ئەو سەرچاوانە سەرچاوەی ئەنجومەنی گشتی The House of Commons ی پەرلەمانی بەریتانیان و بەئۆنلاین بەردەستن کە لینکەکانیمان لە لیستی سەرچاوەکاندا داناوە. کۆمەڵێکی دی لە سەرچاوەکان وتاری ئەکادیمی گۆڤارە زانستییەکانن کە گرنگییان لەوەدایە کە شارەزایانی بوارەکە بە قوڵی و بیرێکی ڕەخنەگرانە بابەتەکەیان تاوتوێکردووە. چەند کتێبێکیش بەکارهاتوون کە لەسەر هەندێ بوار و بابەت زانیاری ورد و درێژیان تێدایە کە سوودی زۆریان لێوەردەگیرێت. لەپاڵ ئەوانەشدا تێز و نامە زانکۆییەکان و ئینسایکلۆپیدیا: و ڕۆژنامەش بەکارهاتوون.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دەروازە و دوو تەوەرە پێکدێت. لە دەروازەکەدا کورتەیەک سەبارەت بە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگای بەریتانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا خراوەتەڕوو کە دەریدەخات ژنان لە زۆرربەی بوارەکاندا مافیان خوراوە و لەپلەیەکی نزمتر لە پیاوان تەماشاکراون، لەو چوارچێوەشدا بەکورتی ئەو کۆت و ڕێگرییانەش ئاماژەپێدراون کە بووبوونە مایەی بێبەشکردنیان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژە بە خەباتی ژنان دەکەین لە پێناو بەدستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ماوەی ١٨٩٧-١٩١٨ ئەویش بە تیشک خستنەسەر گرنگترین ئەو هەنگاو و بەرەوپێش چوونانەی ئەو خابەتە بەخۆیەوە دیویەتی تا گەشتنی بە ئامانجەکەی لە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە

ساڵی ١٩١٨. لە تەوەرەی دووەمیشدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی خەباتی ژنان لە لە پێناو بەدستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. پاشتر گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو، لە کۆتاییشدا پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان دانراون لەگەڵ کورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**دەروازە: کورتەیەک دەربارەی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگای بەریتانی و کۆت و بەربەستەکانی بەردەم مافی دەنگدانیان لە سەدەی نۆزدەیەمدا**

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ژنان لە کۆمەڵگاکاندا بەشێوەیەکی گشتی لە پلەیەکی نزمتردا تەماشاکراون بەبەراورد بە پیاوان کە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ژناندا سەپاندووە و ماف و تایبەتمەندییەکانیانی زەوتکردووە. کەلتوری کۆمەڵگای بەریتانی، کە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ژیاری ئەوروپی، بێبەش نەبووە لەو گشتاندنەی کە ژن لە پلەیەکی خوارتر لە پیاو تەماشاکراوە بە جۆرێک لە زۆرێک لە مافە گشتییەکانی بێبەشکرا بوو. کۆمەڵگای بەریتانی هەتا سەدەی بیستەیەمیش کۆمەڵگایەکی پیاوسالار و ئافرەت بەکەمزان (patriarchal and misogynistic society) بوو.

کۆمەڵگاکانی ئەوروپا بە کۆمەڵگای بەریتانیشەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەشی هەرەزۆری مێژووی نوێشدا ئایدیا و تێڕوانینێکی نارِوون و تەنانەت نارێک و هەڵە و نادادپەروەرانەیان بەرامبەر بە ژنان هەبوو، کە بووبوونە مایەی بەکەم تەماشاکردنی ژنان و بێبەشکردنیان لە مافەکانیان. لە بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریادا[١] زۆر هۆکار هەبوون بۆ ئەو بەکەم تەماشاکردن و بێبەشکردنەی ژنان لە مافەکانیان بە مافی دەنگدانیشەوە. هۆکار و بەربەستەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین، جۆراوجۆر و فرە ڕەهەند بوون و ڕەگ و ڕیشەی هەندێکیان دەگەڕایەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم کە ژنان دەنگی خۆیان هەڵبڕی و دەستیانکرد بە خۆڕێکخستن بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانیان بەتایبەت مافی دەنگدان.

بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی بەهێزی ئاینی مەسیحی هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و ژیانی تاکی ئەوروپی کە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی کەنیسە تا سەدەی نۆزدەیەمیش کاریگەریی لەسەر ژیان و کەلتووری خەڵکەکەدا مابوو، دەتوانین بڵێین کە هۆکاری ئاینی یەکێک بوو لە هۆکارە بنەڕەتییەکان بۆ دروستبوونی وێنەیەکی خراپ و نێگەتیڤ دەربارەی ژنان لە کۆمەڵگای بەریتانیدا. لە لێکدانەوە تەقلیدییە کەنەسییەکانی مەسیحییدا ژن تا ڕادەیەکی زۆر بە مایەی خراپەکاری و هۆکاری گومڕابوونی مرۆڤ دادەنرا و بە فریودەر نیشان دەدرا. (https://sites.udel.edu/britlitwiki/women-in-medieval-literature-and-society/) ئەو جۆرە وێناکردنەش ڕەگ و ڕیشەی لە پەیمانی کۆن (العهد القديم/ Old Testament) ی کتێبی پیرۆزدا هەیە. وێناکردنی خراپی ژن لە کۆمەڵگای ئەوروپی مەسیحییدا تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی باسی هەڵوێستی خراپی حەوا (یەکەم ژن) بوو لە کتێبی پیرۆزدا کە یەکەم گوناهی ئەنجامدا بە خواردنی بەرهەمی ڕووەکی قەدەغەکراو و ئادەمی قەناعەت پێکرد کە هەمان کار بکات. ئەو کارەی حەواش بووەهۆی ئەوەی خۆی و هاوبەشەکەی لە بەهەشت دەربکات و تەنانەت مرۆڤایەتیش بەگشتی لە بەهەشت بێبەش بکات و گیرۆدەی ژیانی پڕ مەینەتی سەرزەویان بکات. (الكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التكوين: الإصحاح الثالث: ١-١٣). تێڕوانینە پەرگەر و نادروستەکان بەرامبەر ژنان دەگەشتنە ئاستێک کە گومانیان لە مرۆڤ بوونی دەکردەوە و بە ئامرازی دەستی شەیتان و بە هۆکاری (گوناهی بنەڕەتی)[٢]یان دادەنان.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژنان لە کۆمەڵگای بەریتانیدا پلەیەکی نزمیان هەبوو لەبەرامبەر پیاواندا. یەکێک لەو دیاردە نامۆیانەی کە ئاماژەیە بۆ بەکەم تەماشاکردنی ژنان فرۆشتنی ژنان بوو The Sale of Wives لەلایەن هاوسەرەکانیانە. فرۆشتنی ژنان لە لایەن مێردەکانیانەوە، بەتایبەتی لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا، ئەگەرچی لە ئاستێکی سنورداردا بوو، داب و نەریتێکی سەیر بوو لە بەریتانیا کە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئەنجام دەدرا و تەنانەت تا ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش دەبینرا. ئەو دیاردەیەش زیاتر لە هەواڵ و ڕووماڵی ڕۆژنامە ناوچەییەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە کە چەندین نمونەمان لەو بارەوە بۆ باس دەکەن (Vaessen, 2006, p. iii) بەپشت بەستن بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی بەریتانیا بەتایبەتی ڕۆژنامەکان، ئی. پ. تومپسۆن E.P. Thompson کە یەکێکە لە دیارترین مێژوونووسان و ڕەخنەگران لە بواری مێژووی کۆمەڵایەتی ئینگلیز، لە بەشێکی کتێبەکەیدا *Customs in Common: Studies in Traditional Popular Culture* بە درێژی باسی کێشە و دیاردەی ژن فرۆشتن لە بەریتانیا دەکات. (Thompson, 1993, pp. 404-466) یەک لە نمونانەکان؛ پیاوێکە لە شارۆچکەی بارتۆن-ئەپۆن-هامبەر Barton-Upon-Humber لە باکوری لینکۆڵنشایر، لە یەک لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاری ساڵی ١٨٤٧، لە بازاڕی شارۆچکەکەدا ژنەکەی خۆی بە بڕە پارەیەکی کەم بە پیاوێکی دیکە دەفرۆشێت. ( The *Stamford Mercury*, 12 March 1847 in Thompson, 1993, p. 417) فرۆشتنی ژنان بەو شێوەیە بوو کە لە ناو بازاڕدا مەزادخانە هەبوو، خەڵکی بەتایبەت پیاوان تێیدا کۆدەبوونەوە کە ژنان هەروەک کەل و پەل و ئاژەڵ کڕین و فرۆشتنیان

پێوەدەکرا. کڕین و فرۆشتنی ژنان لە بەریتانیا یاسایی نەبوو، بەڵام بەهۆی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا وایکرد لە چاوی زۆر کەسدا ڕەوا و قبوڵ کراو بێت. ئەو دیاردەیەش زیاتر لە شارۆچکە و شوێنە دوورەکاندا باو بوو. (Thompson, 1993, p. 413; Blakemore, 2023)

لەڕووی سیاسی و مافە مەدەنییەکانەوە، ژنان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا بە کۆمەڵگای بەریتانیشەوە زۆر بەکەمی بواری پێدرا بوو. بیروباوەڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەبارەت بە ژنان هێشتا کاریگەری مابوویەوە لە بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریادا کە ژنان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بە بێتوانا تەماشادەکران و بە شێوەیەکی گشتی بە نزمتر لە پیاوان دادەنران. وا باو بوو کە شایستەی ئەوە نین هەمان ئەرک یان چالاکیی ئەنجام بدەن کە پیاوان بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجامی دەدەن، و بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا دەبێتە هۆی لاواز بوونی کۆمەڵگا، بۆیە بەزۆری لە پۆستە کارگێڕییەکان و دەسەڵات بێبەش کرابوون و پیاوان لە جیاتی ئەوان بڕیاریان بۆ دەدان. بەگشتی سەدەی نۆزدەیەم لە بەریتانیا سەردەمی باڵادەستی پیاوان بوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ژنان مافێکی ئەوتۆی یاساییان نەبوو، زۆربەیان بێبەش بوون لە مافی بەرزکردنەوەی داوای یاسایی. بیروباوەڕ و نەریتی باڵادەستی ئەو سەردەمە ئەوە بوو ژنان بۆ ئەوە دروستکراون کاری ماڵەوە بکەن و چاودێری منداڵەکانیان بکەن، تەنانەت پیاوان پێیان خۆش نەبوو باسی سیاسەت و هونەر و بازرگانی و زانستیان لەگەڵدا بکەن. (Demir, Vol. 5 Issue 2, 2015, p. 55)

لەڕووی ئابورییەوە، لە بەریتانیا مێرد یان باوک مافیان لەسەر موڵک و ماڵی ژنان هەبووە. بەپێی داب و نەریت و مافی خاوەندارێتی لە یاسای ئینگلیزیدا هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ژنانی هاوسەردار مافی خاوەندارێتی موڵک و ماڵی خۆیان نەبوو و بۆیان نەبوو ببنە خاوەنی موڵکی تایبەت بەخۆیان، لە ڕاستیدا ئەوان بە موڵکی مێردەکانیان دادەنران. (Boettke, Leeson and Lemke, no. 1, 2014, 252) وەنەبێت لە بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریادا هەنگاوی چاکسازی سەبارەت بە مافی ژنان نەدرابێت، بەڵکو لە هەندێ بواردا چاکسازی کراوە. بۆ نمونە لە نێوان ساڵی ١٨٧٠ تا ١٨٩٣ لە پەرلەمان زنجیرەیەک لە چوار یاسا بە ناوی یاسای موڵک و ماڵی ژنانی هاوسەردار Married Women's Property Act پەسەند کران کە تاڕادەیەکی زۆر ئەو کۆت و سنووردارکردنانەی لابرد کە ژنانی هاوسەردار نەتوانن کۆنترۆڵی پارە و موڵک و ماڵی خۆیان بن. و دواجار لە ساڵی ١٨٩٣ پەرلەمان یاساکانی ڕێکخستەوە ئەویش بە پێدانی هەمان مافی خاوەندارێتی بە ژنانی هاوسەردار کە یەکسان بێت بە ژنانی شوونەکردوو. لەوە بەدوا ژنان پێگەیەکی یەکسانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەبوو لەڕووی خاوەندارێتیکردنی ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆیان. (Griffin, Vol. 46, No. 1, 2003, pp. 59-87; Shanley, Vol.12, No. 1, 1986, pp. 62-77).

سەرای هەوڵە چاکسازییەکان بەڵام پێگەی ژنان لە سەردەمی ڤیکتۆریادا بەگشتی جێگەی سەرنج بوو، جۆرێک لە نارێکی و نەگونجانێکی دیار هەبوو لە نێوان ئەو دەسەڵاتە نیشتمانی و پلە و پایە و ناوبانگی و دەوڵەمەندییەی کە بەریتانیا پێیدەناسرا لەگەڵ ئەو بارودۆخە نادادپەروەرانەی ژنانی تێدا بوو و ئەو مافە پڕ کەموکوڕییانەی کە هەیبوون. لەو کاتەدا کە ڤیکتۆریا شاژنی وڵات بوو و سەردەمەکەش لە ئەوەوە ناوەکەی وەرگیرابوو، ژنان لە چەندین بواردا لە مافی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیی ئاسایی خۆیان بێبەشکرابوون کە لە هەموویان زەقتر بێبەش بوونیان بوو لە مافی دەنگدان لە هەڵبژارنە گشتییەکاندا، کە ئەو مافەش پەیوەندی تەواوی بە هەموو ئەو بوارانەوە هەبوو.

گرنگترین کۆتی بەردەم مافی دەنگدانی ژنانیش لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لایەنە یاساییەکەی بوو، چونکە مافی دەنگدانی ژنان لەو هەڵبژاردنانەدا بەپێی دەستور قەدەغەکرا بوو. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەنگدانی ژنان مشتومڕی لەسەر بوو تا ئەوە بوو کە لە پەرلەمان بە فەرمی و بەراشکاوی دەنگدانی ژنان بەپێی یاسای چاکسازی Reform Act ی ساڵی ١٨٣٢ قەدەغەکرا، ئەویش بەوەی کە یاساکە دەنگدەری دیاریکردبوو کە دەبێت نێر بێت، ئەگەرچی یاساکە چەندین کەموکوڕی سەبارەت بە پەرلەمان و هەڵبژاردن چارەسەرکرد. (Evans, 1994, pp. 57-67) بۆیە چالاکەوانانی بواری مافی ژنان باش دەیانزانی کە کێشەکەیان کۆتا جار دەبێت لە پەرلەمانەوە چارەسەربکرێت بۆیە هەروەک لە لاپەڕەکانی پاشتردا دەردەکەوێت بەشێکی زۆری هەوڵەکانی ژنان گەیاندنی دەنگ و داواکارییەکانیان بوو بە پەرلەمان.

**تەوەرەی یەکەم: خەباتی ژنان لە پێناو بەدستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ماوەی ١٨٩٧-١٩١٨**

هەوڵ و کۆششە سەرەتاییەکان لە بەریتانیا بۆ ئەوەی ژنان لە کایەی سیاسییدا ڕۆڵیان هەبێت و دەنگیان هەبێت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام ئەو هەوڵانە تاکە کەسی و نارێکخراو بوون. پاشتر لە ساڵی ١٨٦٦ بۆ یەکەم جار ژمارەیەک لە چاکسازیخواز و چالاکەوانی بواری مافەکانی ژنان ١٤٩٩ واژۆیان لەسەر داواکارییەک بۆ پەرلەمان کۆکردەوە کە داوای مافی دەنگدانی ژنانیان دەکرد، بەڵام گوێ لە داواکارییەکەیان نەگیرا.

(https://artsandculture.google.com/story/GwWBUJYc8daPLA) لەوە بەدواوە هەوڵەکان لەئاستێکی دیاریکراودا بوون هەتا کۆتاییەکانی سەدەکە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا خەباتی ژنان لە بەریتانیا لە پێناو مافەکانیان بەرەو بەهێزی و فراوان بوون دەڕۆشت.ئەو بەهێزبوونەش بەبێ هۆکار نەبوو، بەڵکو لە کاتێکدا بوو کە بەریتانیا بە گۆڕانکاری هەمەلایەنەی زۆر مەزندا تێدەپەڕی لە بوارە جیاوازەکاندا. سەدەی نۆزدەیەم لەم وڵاتەدا سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو، بەریتانیا لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە کە ڕێژەیەکی زۆری گوندنشین بوو، گۆڕدرا بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین و پیشەسازی. ئەو سەدەیە سەردەمی پێشکەوتنی فراوانی بوارەکانی هونەر و زانستەکان بوو، سەردەمی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و لەدایکبوون و بڵاوبوونەوەی بیر و بزووتنەوە هزری و سیاسییەکانی وەک سۆسیالیزم و لیبرالیزم و فێمینیزم بوو. هەموو ئەو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانە هاندەر و پاڵنەری گەورە بوون بۆ بەهێزبوونی پرسی ژنان. شۆڕشی پیشەسازیی بەفراوانی دەرگای کردەوە بۆ ژنان بە ژمارەیەکی زیاتر بێنە نێو هێزی کار و ڕۆڵی ئابوریی و کۆمەڵایەتییان بەهێز بێت. بیروبۆچوونی فێمینیزم وردە وردە لە نێو چینی ناوەند Middle Class [٣] دا بڵاودەبوویەوە. لەگەڵ زیادبوونی پێگەی ژنانی چینی ناوەندیش پرس و دواکارییەکانی ژنانیش بەرەوپێشەوە دەڕۆشت. بۆیە لە ئەنجامی هەموو ئەو کۆڕانکارییانەی ئاماژەمان پێدان بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی ڤیکتۆریادا گوڕوتینی زیاتری بەدەستهێنا.

بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا چەندین قۆناغ و بەرەوپێش چوونی گرنگی بەخۆیەوە دیوە. لە هەر قۆناغێکدا توانیویەتی دەسکەوتی گرنگ بەدەستبهێنی و لە ئامانجەکەی نزیکتر ببێتەوە. گرنگترین هەنگاو و بەرەپێش چوونەکانیش لەمانەی خوارەوەدا کورت دەبنەوە:

خەباتی ژنان لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٩٧ پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە، ئەو کاتەی کە ژنە چالاکەوانەکان خۆیان لە یەکێتیەکی فراواندا ڕێکدەخەن بەناوی یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان The National Union of Women's Suffrage Societies (NUWSS) کە لە یەکگرتنی ١٧ ڕێکخراو دروست بوو. یەکێتیەکە لەلایەن ژنە چالاکەوانی بەتوانا میلیسنت فاوسێت Millicent Fawcett بەڕێوەدەبرا. ئەو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە خەبات و سەرکەوتنی ژنان لە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان. (https://digital.janeaddams.ramapo.edu/items/show/12)

خەباتی ژنان لە وڵاتدا بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو، بەدەرکەوتنی کەسایەتی ئێملین پانکەرست Emmeline Pankhurst خەباتی ژنان پێینایە قۆناغێکی نوێوە. ئێملین پانکەرست چالاکەوانێکی سیاسی لە دایکبووی شاری مانچێستەر بوو، یەکێک بوو لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین سەرکردەکانی بزوتنەوەی مافی دەنگدان لە بەریتانیا و بە یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییەکانی مێژووی نوێی بەریتانیا دادەنرێت. لە ئامێزگرتنی ئەو بۆ سەرکردایەتی کردنی نارەزایەتییەکانی ژنان دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و گرنگ بوو لە خەباتکردن لە پێناو دەنگی ژناندا. (Rollyson, Vol. 79, No. 2 2003, pp. 325-334)

ئێملین پانکەرست لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتبووە نێو بزافی ژنانەوە. لە ساڵی ١٩٠٣ یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (Women's Social and Political Union (WSPU ی دامەزراند. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بە یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان دادەنرێت لە وڵاتدا چونکە خەباتی ژنانی بردە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بەشێوەیەک ئیتر زەحمەت بێت داواکاری ژنان فەرامۆش بکرێت. ئێملین پانکەرست لەپێناو ئامانجەکەیدا بە بەردەوامی دەستگیر و زیندانی دەکرا، باس و یەنەی دەسگیرکردنەکەی لە زۆرێک لە ئەرشیف و کتێبەکاندا دەبینرێت. لەگەڵ خۆشیدا هەردوو کچەکەی کریستابێل Christabel و سیلڤیا Sylvia چالاکەوانی مافەکانی ژنان بوون، بەتایبەت کریستابێل کە یەکێک بوو لە ئازاترین چالاکەوانەکان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی *The Suffragette* ی ڕێکخراوەکە بوو. (https://www.findmypast.co.uk/blog/history/famous-suffragettes)

گرتنەبەری توندوتیژی لە لایەن ژنانەوە ڕێگەیەک بوو بۆ گەیاندنی پەیامەکان و گەشتن بە ئامانج. ڕەنگە سەیر بێت بەلای خوێنەرەوە کە بوترێت خەباتی ژنان لە بەریتانیا لە پێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگدان تەنها خۆی لە ڕێپێوان و دەرکردنی ڕۆژنامە و دامەزراندنی ڕێکخراوەکان و پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەرلەمان خۆی نەدەبینییەوە کە هەموو ئەوانە دیوە ئاشتیخوازە مەدەنییەکەی خەباتەکە بوو، بەڵکو دیوێکی دیکەشی هەبوو کە خۆی لە بەکارهێنانی توندوو تیژیدا دەبینییەوە. ساڵی ١٩٠٥ دادەنرێت بە سەرەتای گۆڕانکارییەکی بابەتی لە خەباتی ژناندا، ئەویش بەوەی کە یەکەم جار بوو ژنان پەنا بۆ کۆمەڵە تاکتیکێک بەرن کە بە توندوتیژیی و تەنانەت بە کاری لادەرانە تەماشادەکران و بەپێی یاساش قەدەغەکراو بوون. ئەم جۆرە سیاسەتەش زیاتر لەلایەن یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (WSPU) پەیرەو دەکرا. کریستابێل پانکەرست یەکێک بوو لەو کەسانەی بەتوەمتی بەکارهێنانی تاکتیکی شەڕانگێزانە دەسگیرکران کە دەیانویست لە ڕێگەیەوە دانیشتنێکی سیاسی کە بڕیاربوو ئەنجامبدرێت پەکبخەن. ئەو کارانەش کە بە توندوتیژی ئەژماردەکران لەم جۆرە ڕەفتارانەدا خۆی دەبینییەوە؛ نافەرمانی مەدەنی،

تێکدانی موڵکی گشتی، سووتاندن. هەندێک جار پەنایان دەبردە بەر سوتاندنی سندوقەکانی پۆست Post boxes و هێرشکردنە سەر هەندێ لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەو ئامرازەی کە لەکاتی ئێستا پێیدەوترێت Molotov کە عادەتەن پێکهاتووە لە شووشەیەک کە پڕکراوە لە شلەیەکی سووتێنەر و فتیلێک کە پێش فڕێدانی ئاگری پێوەدەنرێت و دوای هاوێشتنی کلپەدەکات و دەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە. ئەم جۆرە کارانە لە ماوەی نێوان ١٩٠٥ هەتا ١٩١٣ جارجار ئەنجامدەدران. لەساڵی ١٩٠٧دا ٧٦ کەسی ئەندام و لایەنگری یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (WSPU) دەستگیرکران کە ویستبوویان بەزۆر بچنە ناو باڵەخانەی پەرلەمانەوە. (Wingerden, 1999, pp. 70-95)

لە مانگی ٣ی ١٩٠٧ پرۆژە یاسایەک بۆ پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان پێشکەش بە پەرلەمان کرا بەڵام نەیتوانی دەنگ بێنێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٠٧ بەدواوە چەندین ڕێکخراو و یەکێتی ژنان لە ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێڵز دامەزران، بەڵام زیاتر مۆرکی ناوچەیی و هەرێمییان پێوە دیار بوو. لە ئۆکتۆبەری ١٩٠٩شدا کۆمەڵەی ژنان بۆ ڕەدکردنەوەی باج The Women's Tax Resistance League پێکهێنرا. ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە ڕەدیانکردەوە باج بدەن ئەگەر هاتوو مافیان نەبێت لە دەنگدان.

لەساڵی ١٩١٠ "هەینی ڕەش" Black Friday لە مێژووی خەباتی ژنان ڕووداوێکی دیارە. لە ١٩١٠/١١/١٨ لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان، وەک ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر سەرنەکەوتنی پرۆژە یاسایەک کە لە بەرژەوەندی ژناندا بوو، لە لەندەن بەرەو پەرلەمان کەوتنە ڕێ، بەڵام بۆ ڕێگەلێگرتنیان پۆلیس هێرشی کردە سەریان و ئەوانیش توشی لێدان و گرتن بوونەوە. ئەو ڕووداوەش دەنگدانەوەی زۆری لێکەتەوە و بووە مانشێتی ڕۆژنامەکانی وڵات. (*The Daily Mirror*, 19 Nov. 1910) لەساڵی ١٩١٢ جارێکی دیکە پرۆژە یاسایەکی نوێ بۆ پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان شکستی هێنا. سەرەڕای ئەو گرفت و بەربەستانە خەباتکردن بەردەوام بوو، و بەتێپەڕبوونی کات بەهێزتر دەبوو. ( Fawcett, 1924, pp.202-207) زۆر جار ژنان بۆ گەیاندنی دەنگیان ڕێپێوانی فراوانیان ئەنجامدەدا، لە دیارترینیان ئەوەبوو لە مانگی حوزەیرانی ١٩١٣دا ژنان لە سەرانسەری وڵاتەوە دەستیانکرد بە بەشداربیکردن لە ڕۆشتنێکدا کە یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان (NUWSS) ڕێکی خستبوو بەناوی "حەج لەپێناو مافی دەنگدانی ژنان" Women's Suffrage Pilgrimage. ئەو ڕۆشتن و ڕێپێوانانەش پاش پێنج هەفتە بە کۆبوونەوەی پەنجا هەزار کەس لە چالاکەوان و لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان لە هاید پارک Hyde Park لە لەندەن لە ڕێکەوتی ١٩١٣/٧/٢٦ تەواوکرا کە داوای دەنگدانیان بۆ ژنان دەکرد. ( Home Office Paper 45/10695/231366 (The National Archives)؛ Fawcett, 1924, pp.208-210).

خەباتی ژنان لە بەریتانیا هەنگاوی زۆر گرنگ و بنەڕەتی نابوو و زۆر لە ئامانجە سەرەکییەکەی نزیک بووبوویەوە کە دانپێدانانی مافی دەنگدانیان بوو لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ کاریگەری نەک تەنها لەسەر خەباتی ئەوان هەبوو بەڵکو بەریتانیا و ئەوروپا و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی جیهانیشی بەخۆیەوە گرێدا. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی چالاکییە مەدەنییەکان لە بەریتانیا بە بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنانیشەوە تارادەیەکی زۆر کەم بوویەوە. لە دواییدا کە جەنگەکە لە ساڵی ١٩١٨ کۆتایی هات، یاسای نوێنەرایەتی گەل Representation of the People Act لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا. ئەم یاساییە لە مێژووی خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان زۆر گرنگ بوو، کە بۆ یەکەم جار ڕێگەیدا بە زۆربەی ژنانی ٣٠ ساڵ و بەرەو سەرەوە بتوانن دەنگ بدەن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا. (دوای دە ساڵیش واتە ١٩٢٨، ژنانی بەریتانیا لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو لەگەڵ پیاوان مافی دەنگدانیان بەتەواوی وەرگرت). هەروەها یاساکەش مافی دەنگدانی دا بە تەقریبەن هەموو پیاوان کە هەندێک لە ئەوانیش پێشتر بەهۆی هەندێ کۆت و بەندەوە بێبەش کرابوون لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا. (The House of Commons Library, 2013, p.40, 59) کۆنستانس مارکیڤیچ Constance Markievicz کە ناسیۆنالیستێکی ئێرلەندی بوو بووە یەکەم ژن کە بۆ ئەنجومەنی گشتی The House of Commonsی پەرلەمانی بەریتانی هەڵبژێردرا (هەرچەندە ڕەتیکردەوە کورسییەکەی بگرێتە دەست)، بەڵام پاشتر پۆستێکی لە کابینەی حکومەت وەک وەزیری کار لە حکومەتی ئێرلەندا وەرگرت. (https://www.findmypast.co.uk/blog/history/famous-suffragettes)

**تەوەرەی دووەم: شێواز و تایبەتمەندییەکانی خەباتی ژنان لە پێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا**

ژنان لە خەباتکردندا ئامراز و شێوازی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە، بەتایبەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان. ڕێکخراوەکانی ژنان کاریگەرترین ڕۆڵیان هەبوو لە پێشخستنی خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. ژنە چالاکەوانەکان توانیبوویان ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە ڕێکخراوەکاندا ڕێکبخەن و بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناکانی ژنان. هەندێ لەو ڕێکخراوانە لە ئاستی وڵاتدا بوون و هەندێکیان لۆکاڵی بوون. هەریەک لەو ڕێکخراوانە لە ڕێگەی خۆیەوە هەوڵی دەدا. ئامرازێکی دیکەی کاریگەر ڕۆژنامەکان بوو. لە گرنگترین ڕۆژنامەکانیش *Votes for Women* بوو کە تایبەت بوو بە

بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا و ڕۆژنامەی فەرمی یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (WSPU) بوو. ناوی ڕۆژنامەکەش بوو بە دروشم بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مافی ژنان هەبوو لە دەنگدان. گردبوونەوە و نارەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان Protest and demonstration ئامرازێکی گرنگی دیکەی ژنان بوو لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان.

هەوڵدان و کاری بەردەوام و قوربانیدان تایبەتمەندییەکی دیکەیە کە خەباتی ژنانی لە بەریتانیا پێدەناسرێتەوە. ژنە چالاکەوانەکان هەوڵ و قوربانی زۆریاندا لەپێناوی مەبەستەکەیاندا و کات و توانا و پارە و هزرو و نوسینی زۆریان بەخەرجدا. یادەوەری و نوسینی چالاکەوانە ژنەکان زۆرێک لەو باسانە لەخۆدەگرێت. ئێملین پانکەرست لە یادەوەرییەکانیدا *My Own Story* زۆر لەو قوربانییانە باسدەکات کە لەڕێگای خەباتکردنیدا توشی بوون. کتێبەکەی زیاتر باسێکە دەربارەی دامەزراندن و گەشەسەندنی یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (WSPU) و تێڕوانینەکانیەتی سەبارەت بە خەباتی ژنان و چۆن بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆشتووە کە وەک خەباتکارێکی ڕادیکاڵ کاری سیاسی بکات. (Pankhurst, 1914). هەروەها میلیسنت فاوسێت کە وتاربێژێکی بەتوانا بوو لە ژیاننامە (autobiography)کەیدا *What I Remember* کە لەساڵی ١٩٢٤ بڵاویکردوەتەوە باسی سروشت و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم خەباتی ژنان دەکات. نمونەیەکی دیکە چالاکەوانی سکوتلەندی هێلین فرایزەر Helen Fraser بوو کە یەکێک بوو لەوانەی گەشتیاندەکرد بۆ ناوچە جیاوازەکانی بەریتانیا بۆ ڕێکخستن و بەهێزکردنی چالاکییەکانی ژنان. لە ساڵی ١٩٠٨ یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان (NUWSS) فرایزەری ڕەوانەی وێڵز کرد، لەوێ وەک ڕێکخەرێک کاری ڕۆتینی خۆی ئەنجامدەدا؛ گەشتکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، قسەکردن لە کۆبوونەوە ناوخۆییەکان، کۆکردنەوەی پارە و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی مافی دەنگدان. (Jenkins, 2021, p.87)

ژنە چالاکەوانەکانی بواری خەباتی مەدەنی لە بەریتانیا دڵنیابوون لەوەی کە فێربوون و ڕۆشنبیربوونی ژنان خاڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، بۆیە هانی ژنانیان دەدا بۆ خوێندن و شارەزا بوون و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لەپاڵ مەبەستە سەرەکییەکەیدا کە بەشداریکردنی کارای ژنان بوو لە کایەی سیاسیدا، مەبەست و ئامانجی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشی هەبووە. ئەوەشی یارمەتیدەر بوو لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستەدا ئەوەبوو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ژنان بەگشتی خوێندەوار بوون و پەروەردە وەک پێویستییەک و مافێکی گشتگیر تەماشادەکرا و فێرکردن بۆ هەمووان بوو. بەهاتنی ساڵی ١٩٠٠ نەخوێندەواری بەگشتی بنەبڕکرابوو (https://www.english-heritage.org.uk/learn/story-of-england/victorian/daily-life/) ئەوەش زیاتر پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٨٠ یاسای فێرکردنی سەرەتایی دەرچوو بوو کە خوێندن و ئامادەبوونی لە قوتابخانە بۆ هەر منداڵێکی تەمەن پێنج تا دە ساڵ, کچ بێت یان کوڕ, کردبووە ناچاریی، (https://www.rmg.co.uk/stories/topics/what-happened-during-victorian-era) واتە بەگشتی هەموو تاکێک لە وڵاتدا خوێنەوار بوو کە ئەوەش کاری لە چالاکەوان و ڕێکخراوەکانی ئاسان کردبوو.

ژنان لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای بەریتانی بەشداربوون لە خەباتی ئافرەتان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان. ژنانی خانەدان و ئەرستۆکرات، چینی ناوەند (بۆرجوازی)، چینی کارگەر working class بەشداربوون لە بزوتنەوەی مافی دەنگدان. بۆ نمونە یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان (NUWSS) کە فراوانترین ڕێکخراوەکانی ژنان بوو بە پلەی یەکەم بزووتنەوەیەکی ژنانی چینی ناوەند و چینی ئەرستۆکراتەکان upper-class بوو، هەروەها تا ڕادەیەکیش نوێنەرایەتی ژنانی چینی کارگەریشی دەکرد. (https://hist259.web.unc.edu/nationalunionofwomenssuffragesocieties/)

ژینگەی کاری ژنە چالاکەوانەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازی هەبوو. لە کاتێکدا لە ئینگلتەرا کامپەینکردن کەمتر گرفتی دەهاتە ڕێگە. لە وێڵز ژنانی چالاکەوان زۆرتر کێشەیان بۆ دروستدەکرا و بە چاوێکی کەم تەماشادەکران و کاتێک لە شوێنە گشتییەکاندا خۆپیشاندانیان دەکرد و وتاریان دەدا زۆرجار هێرشیان دەکرایە سەر و بەبێ ڕێزی و بە توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو دیاردەیە ئەوە بوو کە کۆمەڵگای وێڵز، زیاتر لە ئینگلتەرا، کۆمەڵگایەکی پیاو سالار بوو. (Bohata, Vol. 11, No. 4, 2002, pp. 643-645).

بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان نەک دڵخوازی هەموو پیاوان نەبوو بەڵکو لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە ژنانیشەوە دژایەتی دەکرا، و لەلایەن چەند گروپ و دەستەو تاقمێکیش لە ئاستی جیاوازدا دژایەتی دەکرا. پاش ئەوەی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان چووە بووە قۆناغی پەرسەندن و فراوان بوون، ئاراستەیەکی پێچەوانە لەبەرامبەریدا دروست بوو کە بە کامپەینی دژە مافی دەنگدان The anti-suffrage campaign ناسرابوو. هەڵمەتە ڕێکخراوەکان دژی مافی دەنگدانی ژنان زیاتر لە ساڵی ١٩٠٥ەوە دەستی پێکرد، لە دەوروبەری هەمان ئەو کاتەی کە هەندێ لە ژنانی داکۆکیکار لە مافی دەنگدانی ژنان ڕوویان لە تەکتیکی توندوتیژانە کردبوو. ئەم ڕەوتە باوەڕیان وابوو کە زۆربەی ژنان دەنگدانیان ناوێت، بەڵکو ئەیانەوێت خزمەتی ماڵ و

منداڵەکانیان بکەن، دەیانگوت ژنان کاتیان نیە ئاگاداری گۆڕانکارییە سیاسییەکان بن و بەشداری دەنگدان بکەن. هەندێکیان دەیانگوت ژنان شارەزایی و توانای ژیرییان نیە، تەنانەت لەلایەن بایۆلۆجییەوە جیاوازن، و مێشکیشیان بچوکە، تا بتوانن بۆچوونێکی بەسوود سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان پێشکەش بکەن. (Rosa, Vol. No. 3, 2014, pp. 346-351) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ڕەوتە دژە لەلایەن هەندێک ژنەوە ئاراستەدەکرا، لەوانە نووسەر و ڕۆماننوس ماری وارد Mary Ward (ناسراو بە خاتوو هامفری وارد Mrs. Humphrey Ward) کە لە ساڵی ١٩٠٨ەوە سەرکردایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی ژنان دژی مافی دەنگدان (The Women's National Anti-Suffrage League (WASL ی کردووە. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩١٠ لەگەڵ کۆمەڵەی پیاوان بۆ دژایەتیکردنی مافی دەنگدانی ژنان Men's League for Opposing Women's Suffrage یەکگرت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ دژایەتیکردنی مافی دەنگدانی ژنان The National League for Opposing Woman Suffrage. بارەگای سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە لە لەندەن بوو. لە نێو سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵە نوێیەدا لۆرد کێرزن Lord Curzon بوو کە سیاسەتمەدار و نووسەر و ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکان The House of Lords ی پەرلەمان بوو لە پارتی پارێزگاران Conservative Party. ئەو کۆمەڵەیە نزیکەی ٤٢ هەزار ئەندامی ناونوسکراوی هەبوو. (Rosa, Vol. No. 3, 2014, pp. 349-357; https://www.parliament.uk/about/living-heritage/transformingsociety/electionsvoting/womenvote/overview/anti-suffragists/)

ژنان لە خەباتەکەیاندا تەنها نەبوون، هەروەک چۆن ژنان بەرهەڵستکاریان هەبوو لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، بەهەمان شێوە پاڵپشت و هاوکاری زۆریشیان هەبوو، چ لە نێو پەرلەمان و چ لەدەرەوەی پەرلەمان. یەک لەو کۆمەڵانەی پشتگیری خەباتی ژنانیان دەکرد ڕێکخراوێکی پیاوان بوو بەناوی کۆمەڵەی پیاوان بۆ مافی دەنگدانی ژنان The Men's League for Women's Suffrage. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن ژمارەیەک ڕۆشنبیری چەپەوە دامەزرا. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر بە گەرمی بەشداری کامپەینی ژنانیان دەکرد و لە داواکارییەکانیاندا پاڵپشتیان دەکردن. (https://spartacus-educational.com/Wmen.htm)

لە پەرلەمانیشدا ئەگەرچی ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانە زۆر بوون کە دژایەتی مافی دەنگدانی ژنانیان دەکرد، بەڵام ژمارەی ئەوانەش کەم نەبوون کە پاڵپشتییان لە مافەکانی ژنان دەکرد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان هەبوون کە پشتگیرییان لە ڕەوتی فیمینیزم دەکرد. ئەو کەسانە لە تاکگەرایی لیبراڵی liberal individualism ی گەورە فەیلەسوف و و سیاسەتمەدار و ئابووریناسی سیاسی ئینگلیزی جۆن ستوارت میل John Stuart Mill (١٨٠٦-١٨٧٣) ەوە ئیلهامیان وەردەگرت. میل خۆشی پێشتر لە دیارترین لایەنگرانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و مافی دەنگدانی ژنان بوو. لە پاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک چاکسازیخوازی بواری کۆمەڵایەتی هەبوون کە جەختیان لە باشترکردنی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری ژنان دەکردەوە بەڵام کەمتر بەلای ئەوەدا بوون کە ژنان مافی دەنگدانیان پێبدرێت. (Griffin, Vol. 46, No. 1, 2003, pp. 60-61)

یەکێکی دی لە تێبینییەکان ئەوە بوو بەڵێ ڕابەرانی خەباتی ژنان یەک ئامانجیان هەبوو کە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو، بەڵام شێوازی کارکردنیان لە یەکتری جیاواز بوو، تەکتیک و هۆکارەکانی دەستیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە جیاواز بوو. بەگشتی دوو بۆچوون هەبوو کە ئایا باشترین ڕێگا چیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج؛ ئایا ڕێگەی خەباتی مەدەنی هێمنانە بەسە یان نەخێر پێویست بە جۆرێک لە بەکارهێنانی ئەوەی بە توندوتیژیی ئەژمار دەکرێت دەکات. ئەم دوو بۆچوونەش لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەئاشکرا دەبینرا. هەردوو ڕێکخراوە سەرەکییەکەی بواری مافی دەنگدان بەسەر هەر یەک لەو دوو بەرەیەدا دابەش بووبوون. ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکانی مافی دەنگدانی ژنان (NUWSS) باوەڕیان بە ڕێگەی کامپەینی هێمنانەی ئاشتیخوازانە هەبوو بەتایبەتی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داواکاری و عەریزەوە بۆ پەرلەمان. میلیسنت فاوسێت بەرپرسی یەکێتییەکە چالاکەوانێکی میانڕەو بوو، بەشێکی زۆری هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی بواری خوێندنی ژنان بوو. بەپێچەوانەوە یەکێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان (WSPU) بەڕابەرایەتی ئێملین پانکەرست بەکارهێنانی توندوتیژی بە کارێکی پێویستی خەباتکردن دەزانی. هەربۆیە پەنایان دەبردە بەر هێرشکردنە سەر باڵەخانە گشتییەکان و سوتاندنی موڵکی دەوڵەت ئەوەش بەمەبەستی فشارکردنە سەر دەسەڵاتدارانی وڵات بۆ گوێگرتن لە داواکارییەکانیان. (Searle, 2004, pp. 456–461; https://hist259.web.unc.edu/nationalunionofwomenssuffragesocieties/)

شایانی ئاماژەیە سەرەڕای خاڵە ئیجابییەکان، بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا بێ هەڵە و کەموکوڕی نەبوو و لەهەندێ هەنگاویدا توشی ڕەخنە بووەتەوە. پەنابردنە بەر تاکتیک و کاری توندوتیژی لە نێوان ساڵانی ١٩١٢ بۆ ١٩١٤ یەکێکە لەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوکە دەبێتەوە، چونکە زۆرینەی ڕەهای لایەنگرانی مافی دەنگدان بیری میانڕەوییان هەبوو و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانیان ڕەتدەکردەوە، و باوەڕیان وابوو کە ئەو



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تەکتیکانە لایەنگرانی مافی دەنگدان دەتۆرێنن و بەرهەڵستکارانی زیاد دەکات. مێژوونووسی بەریتانی جیفری راسل سیرل Geoffrey Russell Searle باوەڕی وایە شێواز و تاکتیکە توندەکانی لایەنگرانی مافی دەنگدان ئەگەرچی سەرکەوتوو بوون لە زیانگەیاندن بە پێگەی پارتی لیبراڵ Liberal party ی فەرمانڕەوا بەڵام زیانی هەبوو بۆ دۆزی مافی دەنگدانی ژنان. (Searle, 2004, pp. 464–469)

ژنان لە بەریتانیا ڕێگەیەکی دوور و درێژ و زەحمەتیان بڕیوە لە پێناو چەسپاندنی ماف و داواکارییەکانیان و بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا. لەو پێناوەدا قوربانی زۆریاندا وەک خۆشاردنەوە لە پۆلیس و زیندانیکردن. لە زینداندا خەباتێکی تریان دەستپێکرد ئەویش مانگرتن لە خواردن hunger strike بوو. تەنانەت قوربانیدان بە ژیان هەروەک ئێمیلی دەیڤسن Emily Davison کە وەک ناڕەزایەتی نیشاندان لە بێبەشکردنی ژنان لە پرۆسەی دەنگدان لە ١٩١٣/٦/٤ خۆی فڕێدایە بەردەم ئەسپی پاشا لە کاتی پێشبڕکێی ئەسپسواریدا لە شارۆچکەی ئێپسۆم Epsom لە خوارووی لەندەن، کە چوار ڕۆژ پاشتر لە ڕووداوەکە بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەستدا. (-https://www.findmypast.co.uk/blog/history/famous suffragettes)

**دەرئەنجام:**

یەکەم: بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بزووتنەوەیەکی نیشتمانی فراوان بوو کە هەندێ لە مێژوونوسان بە شۆڕشی ناو دەبەن کە گرنگییەکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنیدا هەبوو.

دووەم: ژنان لە بەریتانیا خۆیان پێشەنگ و داینەمۆی بزوتنەوەی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوون، ئەگەرچی لەلایەن ڕێژەیەک لە پیاوانیشەوە پشتگیری لێدەکرا.

سێیەم: ژنانی بەریتانیا شێواز وئامرازی جۆراوجۆریان گرتەبەر لە پێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگدان. گرنگترین شێوازەکانی خەباتیان بریتی بوو لە؛ خۆپیشاندان کە ڕێگەی سەرەکی خەباتیان بوو بۆ گەیاندنی داواکاکارییەکانیان. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان کۆمەڵە ڕێگایەکی گرنگ بوون کە خەباتی ژنانی گەیاندە ئامانج.

چوارەم: ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە خەباتی ژنان لە بەریتانیا لەپێناو مافی دەنگدان خەباتێکی دوور و درێژ بوو، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و چەندین دەیەی خایاند تا گەیشتە ئامانج. لەو ماوە زۆرەدا ژنان زۆریان بەخت کرد و بەئازایەتی خۆیان توانیان مافی دەنگدان بەدەستبهێنن، مافەکەیان بەخۆیان وەرگرت نەک پێیان بدرێت. هەروەک پەندە کوردەواریەکە دەڵێت: "ماف نادرێت بەڵکو دەسەندرێت" کە هەمان ڕاستی لە پەندێکی زمانی ئینگلیزیشدا هاتووە: "Freedom lies in being bold" واتە ئازادی بە ئازایەتی و باوەڕبەخۆبوون بەدیدێت.

پێنجەم: مەبەست و داواکارییەکانی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا تەنها لە مسۆگەرکردنی مافی دەنگداندا کورت نەدەبوویەوە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی چاکسازیی فراون بوو کە ئەنجامەکانی زۆر لایەنی کۆمەڵگای گرتەوە. بەمانایەکی تر خەباتی ژنان تەنها لە پێناو ئەوەدا نەبوو مافی دەنگدان بۆ ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستبهێنێت، بەڵکو خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری فراوان بوو و بووە مایەی مسۆگەرکردنی زیاتری مافە مەدەنییەکان و چەسپاندنی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا.

شەشەم: لەبەر گرنگی بابەتی خەباتی ژنان لە بەریتانیا لەپێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگدان کە بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ئەزمونەکانی خەباتی مەدەنی لەسەر ئاستی جیهاندا دادەنرێت. وەک ڕاسپاردەیەک ئەم توێژینەوەیە خەخت دەکاتەوە لەوەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر بابەتەکە بکرێت. هەروەها ئەوەی پێباشە کە ئەو کەس و لایەنانەی گرنگی بەمافی ژنان بەتایبەتی و خەباتی مەدەنی بەگشتی دەدەن سوود لە ئەزموونی بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لە بەریتانیا وەربگرن لەپێناو پێشخستنی دۆزی خۆیان.

**پەراوێزەکان:**

(١) سەردەمی ڤیکتۆریا: ماوەی نێوان نزیکەی ١٨٢٠ بۆ ١٩١٤ لە مێژووی بەریتانیا دەگرێتەوە کە بەنزیکەیی هاوتای ماوەی فەرمانڕەوایەتی شاژنە ڤیکتۆریا (Queen Victoria) کە فەرمانڕەوایەتییەکەی (١٨٣٧-١٩٠١) بە یەکێک لە درێژترین ماوەی فەرمانڕەوایی پاشا و شاژنەکانی مێژووی پەریتانیا دادەنرێت. لە سەردەمی ئەودا ئیمپراتۆرێتی بەریتانی بوو بە یەکەم هێزی پیشەسازی جیهانیی و گەشتە ئەوپەڕی بەهێزی و فروان بوون، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە. هەر لەم سەردەمەدا شۆڕشی

پیشەسازی گەشتە لوتکە کە هۆکارێک بوو کە بەریتانیای گەیاندە ئەو ئاستەی کە پێی بوترێت ئەو ئیمپراتۆریتییەی کە خۆری لێ ئاوا نابێت The Empire that the sun never sets. لەم سەردەمەدا پێشکەوتنی گەورە لە بواری هونەر و زانستەکاندا روویدا. ئەو پێشکەوتنانەش ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ چەندین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، و لەدایکبوون و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە سیاسییەکان لە دیارترینیان سۆسیالیزم و لیبرالیزم و فێمینیزم. https://www.rmg.co.uk/stories/topics/what-happened-during-victorian-era; Steinbach, S.. "Victorian era." *Encyclopedia Britannica*, October 13, 2023. https://www.britannica.com/event/Victorian-era

(٢) گوناهی بنەڕەتی Original sin بیروباوەڕێکی بنچینەیی ئاینی مەسیحییە کە دەڵێت هەموو کەسێک گوناهبار لەدایک دەبێت چونکە بەهۆی گوناهی ئادەم و حەوا پاکێتی و بێتاوانی ڕەسەن لەدەست جووە و هەموو مرۆڤەکانی دواتر لە حاڵەتی گوناهباریدا لەدایک دەبن. بیروباوەڕەکە کە بنەمای لە کتێبی پیرۆزدا هەیە سەرچاوەی گوناهی بنەڕەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ گوناهی مرۆڤی ئادەم و حەوا کە سەرپێچیان لە خودا کرد بە خواردنی میوەی قەدەغەکراو و لە ئەنجامدا گوناه و تاوانباری خۆیان بە بۆماوەیی بۆ نەوەکانیان گواستەوە. بیروباوەڕی گوناهی بنەڕەتی لە سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپییەوە، کە تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم درێژەی کێشا، وردە وردە لاواز بوو و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی تاکی ڕۆژئاوای بەتەواوی کەم بوویەوە.

Weldon, C. (2010). Original Sin. In: Leeming, D.A., Madden, K., Marlan, S. (eds) *Encyclopedia of Psychology and Religion*. Springer, Boston, US, p. 646; Britannica, T. Editors of Encyclopaedia. "original sin." *Encyclopedia Britannica*, September 1, 2023. https://www.britannica.com/topic/original-sin.

(٣) چینی ناوەند Middle Class: چینی ناوەند ئاماژەیە بۆ چینێک لە کەسەکان کە لە ناوەندی پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتیدان، و بەگشتی بە پیشە، داهات، خوێندن، یان پێگەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێن. ئەم زاراوەیە لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەست بووە بە مۆدێرنیتە، سەرمایەداری و بیری سیاسی. لە ئەنجامی گەشەسەندنی خێرا لە جیهاندا و فراوانبوونی شارەکانەوە، لە ئێستادا لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا چینی ناوەند زۆربەی ئەندامانی نێو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لەپاڵ زۆر دەوڵەمەندەکان و زۆر هەژارەکانی نێو کۆمەڵگادا. (Tarkhnishvili and Tarkhnishvili, Vol. 13, Issue 7, 2013, pp. 21-26)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**الكتاب المقدس، العهد القديم**

**گۆڤارە ئەکادیمییەکان (Journals):**

Peter J. Boettke, Peter T. Leeson and Jayme S. Lemke, "Wife Sales", *Review of Behavioral Economics*, no. 1, (2014), pp. 349-379.

Anna Tarkhnishvili and Levan Tarkhnishvili, "Middle Class: Definition, Role and Development", *Global Journal of Human Social Science, Sociology & Culture*, Vol. 13, Issue 7 (2013), pp.20-31.

Çağlar Demir, “The role of women in Education in Victorian England”, *Journal of Educational and Instructional Studies in the World*, Vol. 5 Issue 2 (2015), pp. 55-59.

Ben Griffin، “Class, Gender, and Liberalism in Parliament, 1868-1882: The Case of the Married Women's Property Acts", *The Historical Journal*, Vol. 46, No. 1 (2003), pp. 59-87.

Mary Lyndon Shanley, “Suffrage, Protective Labor Legislation, and Married Women's Property Laws in England”, *Journal of Women in Culture and Society*, Vol. 12, No. 1 (1986), pp. 62-77

Kirsti Bohata, “‘for Wales, see England?’ suffrage and the new woman in Wales”, *Women's History Review*, Vol. 11, No. 4, (2002), pp. 643-656

Sharon Crozier-De Rosa, “Shame and the Anti-*Suffragist* in Britain and Ireland: Drawing Women back into the Fold?”, *Australian Journal of Politics & History*, Vol. No. 3, (2014), pp. 346–359.

Carl Rollyson, “A Conservative Revolutionary: Emmeline Pankhurst (1857-1928)”, *The Virginia Quarterly Review*, Vol. 79, No. 2 (2003), pp. 325-334.

**کتێب:**

E. P. Thompson, *Customs in Common: Studies in Traditional Popular Culture*, Penguin Books, London, 1993.

Eric J. Evans, *The Great Reform Act of 1832*, 2nd Edition, Routledge, London and New York, 1994.

Geoffrey Russell Searle, *A New England? Peace and War 1886-1918*, Clarendon Press Oxford, 2004.

Emmeline Pankhurst, *My Own Story*, London, 1914.

Beth Jenkins, Suffrage organizers, grassroots activism and the campaign in Wales, in Alexandra Hughes-Johnson, Lyndsey Jenkins (Eds.), *The Politics of Women's Suffrage: Local, National and International Dimensions*, University of London Press, London, 2021.

Sophia A. Wingerden, *The Women's Suffrage Movement in Britain, 1866-1928*, Palgrave Macmillan, 1999

The House of Commons Library, *The History of the Parliamentary Franchise*, RESEARCH PAPER 13/14, 1 March 2013.

Millicent G. Fawcett, *What I Remember*, T. Fisher Unwin, London, 1924.

**ڕۆژنامە:**

The *Stamford Mercury*

*The Daily Mirror*

**دۆکیۆمێنت:**

Women's Suffrage Pilgrimage Report on Police Provision for Maintenance of Order, by the National Union of Women's Suffrage Societies. June and July 1913. Home Office Paper 45/10695/231366 (The National Archives).

**تێز و نامە زانکۆییەکان:**

Rachel Anne Vaessen, *Humour, halters and humiliation: wife-sale as theatre and self-divorce*, Master Degree, Department of History, Simon Fraser University, 2006.

**ئینسایکلۆپیدیا:**

The *Encyclopedia of Psychology and Religion*. Springer, David A. Leeming, Kathryn Madden, Stanton Marlan (Eds.), Boston, US.

The *Encyclopedia Britannica*. Published by Encyclopædia Britannica, Inc. https://www.britannica.com

**پێگەی ئەنتەرنێت/ سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

-Royal Museums Greenwich: https://www.rmg.co.uk/stories/topics/what-happened-during-victorian-era

-English Heritage: https://www.english-heritage.org.uk/learn/story-of-england/victorian/daily-life/

- Erin Blakemore, English Men Once Sold Their Wives Instead of Getting Divorced, A&E Television Networks, Last Updated 5 October 2023: https://www.history.com/news/england-divorce-18th-century-wife-auction

-https://sites.udel.edu/britlitwiki/women-in-medieval-literature-and-society/

-https://www.parliament.uk/about/living-heritage/transformingsociety/electionsvoting/womenvote/overview/anti-suffragists/

- https://www.findmypast.co.uk/blog/history/famous-suffragettes

-https://hist259.web.unc.edu/nationalunionofwomenssuffragesocieties/

-https://digital.janeaddams.ramapo.edu/items/show/12